
# ئەوانە کێبوون

## هاودەنگیەک لەگەڵ کەمپینی دادگایکردنی تاوانبارە کوردەکان

**کوڕی شەهید یش شەهیدبوو ، جاشی و کوڕی جاش هەرماوە!**

**حەمید عەبدوڵڵا**
**دانمارک**\2006
Hamed.abdulla@mail.dk



**کێبوون ئەوانەی دووژمنی گەل بوون**
**کێ بوون ئەوانەی**
**تاریکی ماڵ و شەمشەمە کوێرەی خۆری دەمکەل بوون**
**کێ بوون ئەوانەی**
**دەرگای ئومێد یان لە کورد دائەخست**
**کێ بوون ئەوانەی**
**سفرەی میللەتیان بۆ خیانەت و دوژمن ڕائەخست**
**کێ بوون ئەوانەی**
**شاخ و بنار و کانی و باخچەیان ئەکردە هەڕاج**
**کێ بوون ئەوانەی**
**بۆ توکی دوژمن ئەنوشتانەوە و ئەبونە هەلاج**
**کێ بوون ئەوانەی**
**کەڵبەی ئابڕویان لە کورد گڕ ئەکرد**
**کێ بوون ئەوانەی**
**خاکی ئەنفال یان بۆ دەشتی عۆجە و عروبە ئەبرد**

کێ بوون ئەوانەی
ورگ دڕاوی ئاخوڕی جۆ بوون
کێ بوون ئەوانەی
ئابڕو تکاوی بێ سەنگ و بۆ بوون
ئەوانە ئێوەی
تیری قودرەت و ڕمبی خوێناوی سینگی خۆتان بوون
ئەوانە ئێوەی
کرمە جاشێکی ناوقەدی دار و ڕەگی خۆتان بوون
لەداخی ئێوە
نەک بەرد شەقی برد ، شاخیش بوو بەئاو
ئێستاسەرەمە گەربتانکەمە لوقمی سەگێکی گوندێکی ڕوخاو